حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب

# لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ و کاریگەری لەسەر شاری هەولێر

لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

توێژینەوەکە پێشکەش کراوە بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئاداب وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی بەکالریۆس لە زانستی مێژوودا

(مێژوو لقی – کورد)

ئامادەکراوە لە لایەن:
لاڤان مجید واحید

بەسەرپەرشتی:
د. تارا محمد خضر دشتی

نیسانی ٢٠٢٤

**پشتگیری و واژۆی سەرپەرشتیار**

بریارم دا بە پەسەند کردنی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ و کاریگەری لەسەر شاری هەولێر )، کە ئامادەکراوە لە لایەن قوتابی (لاڤان مەجید واحید ) لە ژێر سەرپەرشتی مندا لە (بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەڵاحەدین) ، وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ( بەشی مێژوو )

واژۆی سەرپەرشتیار /

د.تارا محمد خضر دشتی

بەروار /

/٢٠٢٤/٤

## پێشکەش کردن :

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :

- دایک و باوکی ئازیزم کەوا هەردەم هاوکارم بوون بۆ درێژەپێدان و بەردەوام بوونم لە خوێندن .
- پێشکەش بە دۆست و خزمان و هەموو هاوڕێیانم لە زانکۆی سەڵاحەدین بە گشتی و قوتابیانی بەشی (مێژوو) بە تایبەتی.
- پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان .
- پێشکەش بە ئەو کەسانەی بە دوای زانست و زانیاریدا دەگەڕێن .

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆخوای گەورەو میهرەبان کە هزرو بیرو هۆشی پێ بەخشیم و لەش

ساغی پێداوم کە بتوانم ئەو ئەرکە زانستیە ئەنجام بدەم .

- سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون بۆ گەشتن بەو ئاستە زانستیە .
- سوپاس بۆ کتێبخانەی بە شی ئاداب کەسایەتی زۆر بەڕێز (نەژاد) ئەوکەسانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام داوە وە ئەو هاوڕێیانەی یارمەتی دەرم بوون لە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە زانستیە بەتایبەتیش ( سەروا و دەشنێ ).
- سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم ( د.تارا محمد خضر دشتی ) کەوا یارمەتی دەرم بوو لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم .
- سوپاس و پێزانین بۆ هەریەک لە مامۆستایانی بەشی مێژوو ( د.فەرمیدون عەبدولڕەحیم ) لەگەڵ ( د.حوسێن شاکر ) بەیارمەتی ڕەخنە و تێبینیەکانیان بابەتەکانیان دەوڵەمەندترکرد .

## ناوەڕۆک

پشتگیری و واژۆی سەرپەرشتیار.......................................................................................ب
پێشکەش کردن : ......................................................................................................ج
سوپاس و پێزانین..........................................................................................................د
پێشەکی...................................................................................................................6
دەروازە .................................................................................................................7
تەوەرەی یەکەم .........................................................................................................8

**کوردستان پێش سەرو بەندی دەست پێکی شەڕی ناوخۆ ........................................ 8**

أ. هۆکاری ناڕاستەوخۆ : ..........................................................................11
ب. هۆکاری ڕاستەوخۆ : ..........................................................................15
تەوەرەی دووەم.........................................................................................................16
لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ: .............................................................................16

**آ - ) لەڕووی ئابووری:..................................................................... 16**

**ب) لە ڕووی کۆمەڵایەتی ............................................................... 21**

ئەنجام .....................................................................................................................25
لیستی سەرچاوەکان ...................................................................................................26

## پێشەکی

ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان ،لە کۆتای سەدەی بیستەم کاریگەری زۆری لەسەر پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتە سیاسیەکان . ، بە پێی توانا و هێزی پارتە سیاسیەکان گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینی بوو هەندێ جار پەیوەندی نێوان پارتە سیاسیەکان باش بووە و هەندێ جار خراپ تاوەکو ئەو ئاستەی شەڕی ناوخۆ برا کوژی لێ کەوتەوە .لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ و کاریگەری لەسەر شاری هەولێر ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە کە تێیدا گرنگی بە لێکەوتەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو ململانێیەیە دەدات کە لە نێوان پارتە سیاسیەکانی ئەو کاتە ڕووی داوە .گرنگی توێژینەوە و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە وەک ماوەیەکی مێژوی هاوچەرخی کورد گرنگ و پڕ بایەخە چونکە لەو ماوە گۆڕانکاری گەورە هاتە کایەوە ، گرنگی تری ئەم توێژینەوەیە کە لە ساڵی ١٩٩١ دەست پێدەکات کە ڕاپەڕین و دروست بوونی پەرلەمان بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان بێتە کایەوە ،سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشوری کوردستان کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر ماون ، ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەم هۆکار و پاڵنەرانە بوونە هۆی دروست بوونی هەروەها هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و خستنە رووی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی باشوری کوردستان .هۆکاری هەڵبژاردنی توێژونەوە لە نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە شەڕی ناوخۆ و لێکەوتەکانی وە دارخستنی کاریگەریەکانی .ئەنجامی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بێ کێشە و گیر و گرفت نابێت گرفتی ئەو توێژینەوەیە جیاواز لە هەر توێژینەوەیەکی تر ، زانستی ورد لەسەر بابەتی توێژینەوە ئەو بابەت و سەرچاوانەی لە بەردەستدا بوون لایەنگریەکی زۆریان بۆ پارتە سیاسیەکان پێوە دیار بوو هەروەها نادیاری ڕووداوەکان و ناڕوونی وە زۆربەی بەڵگەنامەکان بە نهێنی ماوەتەوە ئاستەنگی تر زۆربەی کەسایەتی ئەو سەردەمە بەهۆی هەر هۆکارێکی تایبەت ئامادە نەبوون بۆ چاوپێکەوتن و پێدانی زانیاری لاسەر ڕووداوەکان وە زۆربەی ئەرشیف و دۆکیۆنمێنتەکان نەماون وە توێژینەوەکە پێک هاتوە لە دوو تەوەرە :

- تەوەرەی یەکەم : باسێکە لە ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمانو کۆڕەوەکە و چەند شەڕێکی دیاری ئەو کاتەی نێوان پارتەکان و هۆکاری شەڕەکان
- تەوەرەی دووەم باسی هەنێک لە لێکەوتەو ئەنجامی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوسای خەڵکی ناوچەکە .

**وە ئەو سەرچاوانەی زۆر سودم لێ بینی**

وەک کتێبەکەی شۆڕش حاجی ، ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار ، نامەکەی پەرزین جەلال باسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان لە گۆشە نیگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان (١٩٩١-١٩٩٨)، وە نامەکەی شاڵاو ابراهیم باسی ململانێی چەکداری نێوان پارتەکان دەکات

## دەروازە
## شیکردنەوەیەک بۆ شەڕی ناوخۆ

شەری ناوخۆ هاوڵاتی یەک ناوچەن ، زمان و کلتوریان یەکە یان زۆر نزیکن زۆرجار هەردوو هاوڵاتی یەک ناوچەن ناسراو هاوڕێ و دۆستی یەکترن ، یاخود دانیشتوی یەک دێن یان یەک شارن جگە لە هاوڕێیەتی ، خزم و ئاشنای یەکترن وە شەڕی ناوخۆ لە نێوان هاوڵاتیانی یەک وڵات ڕوو دەدات .[١]

لینین دەڵێت : ڕاگواستنی هێزی خاوەن دەسەڵاتە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر نیشانەی سەرەتای و گرنگی بنەڕەتی شەڕەکەیە .[٢]

شەڕی ناوخۆ لە ناو هەموو کۆمەڵگایەکی چینایەتی ڕوودەدات ، چونکە چینەکان بەرژەوەندی بیر و بۆچونی جیاوازیان هەیە جەنگەکەش بەوە کۆتای دێت کە لایەنێک لە دوو لایەنەکە سەردەکەوێ یان هەردوو لایەن دەدۆڕێن ،چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدات زۆر جار پێی دەڵێن شەڕی برا کوژی بەڵام لە راستیدا لە جەنگی ناوخۆیدایە کە لە نێوان چینە دژەکانی هەمان کۆمەڵگادا جەنگ ڕوو دەدات .[٣] شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق ، یاخود شەڕی برا کوژی ، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ٢٠ لە نێوان حیزبە کوردستانیاکان بوو ، بەڵام دیارترینیان هەردوو حیزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون ، بۆ لەناو بردنی یەکتر پەنایان بردبوە بەر هێزەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و داوای هاوکاریان لێ ئەکردن .[٤] ناکۆکی لەسەر دەسەڵات و ململانێی سیاسی و حیزبی مۆرێکی دیاری نێو مێژوو و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد بوو ، ئەم ململانێیەیەش پاش پەیدابوونی پارتە نوێیەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان پەیدابوون ، پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ ماوایەکی درێژ تاکە پارتی باشوری کوردستان بوو خاوەن خەباتێکی مێژووی و ژمارەیەکی زۆری قوربانی بوو ڕازی نەبوو بە ئاسانی گۆڕەپان بۆ پارتێکی نوێ چۆڵ بکات و دەسەڵات لە دەست بدات جگە لەوەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان با هەمان شێوە بوونی(قیادەی موقەد – سەرکردایەتی کاتی ) ڕات دەکاتەوە.[٥]

---

1) سەڵاح ڕەشید : شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا چۆن گەشەی کرد سەرەنجام ، چ١ ، ٢٠٢٠ ، ل ١١- ١٣
2) ئیحسان تەبەری : فێرکردنی فەلسەفەی زانستی ، و. حوسێن خەلیفی ، بەغداد ، عێراق ، ١٩٩٤ ، ل ٢٠١
3) چاوپێکەوتن : عبدالله أسماعیل أحمد ، لە دایک بووی ١٩٦٣ ، دکتۆر لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین بەشی کۆمەڵناسی ، ٢٠٢٣/١١/٢٧ ، ٩:٠٠ بە کاتی شەو
4) محمد ڕزگار : شەڕی ناوخۆی کوردستان ، بەروار ٢٠٢١/٥/١٣ (٠٢:٢٣) کۆدی بابەت ٥٣٠٥
5) شاڵاو إبراهیم عەزیز : ململانێی چەکداری پارتە کوردیەکان لە باشوری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣ ) ، ٢٠٢٣ ، ل ٧

## تەوەرەی یەکەم

### کوردستان پێش سەرو بەندی دەست پێکی شەڕی ناوخۆ

ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان ، یەکێکە لە ڕووداوە گرنگ و مێژوویەکانی بزافی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد دژی حکومەتی عێراقی،
وەچەرخانێکی گرنگی مێژووی و دەستکەوتێکی گەورە بوو ، تەواوی شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان و بە هاوکاری هاوئاهەنگی دانیشتوانی شارەکان ، ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕینی باشوری عێراق ئەنجام درا .[١]
١٩٩١/٣/٥ جاماوەری ڕاپەڕیوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەتی چاوەڕوانیان پچڕی و هەڵیان کوتایە سەر دام و دەزگای بەعس و شاری (ڕانیە)یان ڕزگار کرد ، ڕانیە بووە خاڵی گەشە و بڵاوبونەوەی ڕاپەڕینەکە تاوەکو زۆربەی ئوردوگا زۆرە ملێیەکان و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانی گرتەوە . [٢]
هەندێک خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی شارەکانیش ڕووی دابوو ئەوە بۆچونێکی لامان دروست کردبوو کە توانا لەناو خەڵکدا هەبوو بۆ ڕاپەڕین ، لەبەر ئەوە مەسەلەکە وەک فیکرەیەک هاتبووە کایەوە بریار درابوو چۆن کاری بۆ بکەین و خۆی بۆ ئامادە بکەین ، کاتەکە بوو باسی ئەوە کرابوو شانەی چەکداری دروست بکەین لە شارەکان و چەک بنێرین بۆ شارەکان پەیوەندی بۆ کۆنە پێشمەرگەکانەوە بکەین کە پەیوەندی دۆستانەیان هەبوو لەگەڵیاندا . [٣]
یەکێکی تر لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی بوو، کە پێکەوە موژدەیاندا بە خەڵکی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسیەکان پێکەوە بەرنامەیان داناوە هاتونەتە خوارەوە . ئەمەش زیاتر خەڵکی کوردستانی دڵخۆش کرد . یەکێکی تر لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی بوو، کە پێکەوە موژدەیاندا بە خەڵکی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسیەکان پێکەوە بەرنامەیان داناوە هاتونەتە خوارەوە . ئەمەش زیاتر خەڵکی کوردستانی دڵخۆش کرد .[٤]

---

1) شوان حسێن : جەوهەر نامیق سالم ژیان و بەرهەمی ڕۆڵی سیاسی ١٩٤٦ – ٢٠١١ ، نامەی ماستەرپێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی ئاداب زانکۆی سۆران کراوە ، ٢٠١٦ بڵاوکراوە . ل ٩٧
2) هاوڕێ قادر ڕەسول : لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان ، چ١ ، هۆڵەندا / ١٩٩٤ / ل٣٠
3) مام جەلال : دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە ، بۆ کۆشکی کۆماری ، ئامادەکردنی صلاح ڕەشید ، بەشی دووەم ، ل١٧٩
4) مسطەفا چاوڕەش : یادەوەریەکان ، ٢٠١٤ ، چاپخانەی سەردەم ، ل ٢٨٣

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕاپەڕینەکانی باشور و ناوڕاستی عێراق کاریگەری زۆر گەورەی کردە سەر ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان و جەماوەری کوردستان کە گوێیان لە ئازادکردنی ئەو شارانە دەبوو لە ڕادیێۆ جیهانی و عەرەبیەکان هانی جاماوەری کوردستانی پێ دەدا کە دەست بە ڕاپەڕین بکەن . [1] خەڵکی کوردستان لە ترسی کوشتاری بە کۆمەڵ کە پێشتر بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان کرابوو ڕەوی بە کۆمەڵ دەستی پێ کرد بە ملیۆنان کەس شوێن و ماڵ و سامانی خۆیان بە جێ هێشت و بەرەو ناوچە سنوریەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد و بەرەو ناوچەو شوێنی ئارام دەگەڕان تاوەکو تێیدا بحەوێنەوە و ئەو کاتەش سنورەکان زۆر سارد بوون .مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، وای لە هێزە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی کرد کە بیر لە چاککردنی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بکەنەوە ، ئەم چاک کردنەش با بێ بوونی دیموکراسیەت و دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتی حیزبەکان مەحاڵ بوو چاک بکرێ دیموکراسی سیاسی کە بە مانای دەسەڵاتی گەل بوو نەک دەسەڵاتی حیزب ، دواتر لە ١٤ مایسی ١٩٩٢ بۆ یەکەم جار لە مێژوی میلەتی کورد هەڵبژاردن ئەنجام درا هەموو حیزبەکان داواکاری جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیان یان مافی چارەی خۆ نوسین یان سیستمی فیدراڵیان لە چوارچێوەی عێراق دەکرد بەڵام هیچکام لە حیزبەکان باسی سەربەخۆی تەواویان نەدەکرد . بۆ ئەم مەبەستە بیر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان کرایەوە ، کە داواکاری هەموو خاڵکی کوردستان و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بوو ، بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی باوەڕپێکراو . هەڵبژاردنەکە بە سەرکەوتوی ئەنجام درا لەگەڵ ئەوەی زۆربەی حیزبەکان هەڵبژاردنەکەیان بە ڕاست نەدەزانی ڕایان گەیاند فرت و فێڵی زۆری تێدا کراوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ٥١٪ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٤٩٪ حیزبەکانی تریش نەیان توانی بگەنە ٧٪ ، دوای ٣ ڕۆژ هەڵبژاردن ٢٢ی ئایار لە شەقڵاوە کۆبونەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەردوو لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ٥٠٪ بە ٥٠٪ . لە دەسەڵاتی یاسای و ڕاپەڕاندن بەژداری بکەن و کۆتای بەو گرژیە بهێنرێ کە بە هۆی جیاوازی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە دروست بوو . [2]

1) ئاراس عبدالرحمان مسطفا : ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠١٨ ، ل ٢١٨ -٢١٩

2) ئاراس عبدالرحمان مسطفا : پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ، چ١ ، ٢٠١٨ ، ل ١٩١- ٢٧٤-٢٧٨-٢٨٠

دوای هەڵبژاردن جەماوەری کوردستان پەرۆشی ئەوەبوون ئاخۆ پەرلەمان چیان بۆ دەکات و دۆزی کوردستان لە کوێ لەنگەر دەگرێ خەڵک ئەو کات بڕوایان وابوو کە هەڵبژاردن دۆزی شەڕی ناوخۆی حیزبەکانی بە یەکجارەکی لەناو دەبات و کوردستان دەگەیەنرێتە لێواری ئاسودەی. [١] هەلبژاردن و ئەنجومەنی نیشتیمانی لە (٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ ) هەروەها پیکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتی د. فواد مەعسوم لە (٤ی تەموزی ١٩٩٢ ) قۆناغیکی نوێ لە پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەست پێ دەکات ، چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە دەرەوەی حکومەتی هەرێم بوو ئەمەش بە سەرەتای ئاڵۆزی نێوان هەردوو هێز دادەنرێ . [٢] هۆیەکەشی ڕێگا گرتن لە ئیسلامیەکان بۆ کارکردن لە ناوچە و ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . [٣] ئەو هۆکارە بە یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی نێوان شەری نێوان هەردوو لایە . ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵگری تێکەڵەیەک لە ئایدۆلۆژیای مارکسی سۆشیاڵ دیموکرات لە بەرامبەردا بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگری ئەیدۆلۆژیای جیهادی ئیسلامی بوو و ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە بە تەواوی ناکۆک بوون دژی یەک بوون ، هەر بۆیە ئاساییە بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەم دوو هێزە جیاوازە ڕوودات .[٤] سەرکردایەتی شەڕی یەکتر کوشتنیان دەکرد کە پێی دەڵێن شەڕی برا کوژی . [٥]

1) محمد : هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، و . ئیدریس ، گۆڤاری برایەتی ، بەهاری ٢٠٠٠ ، ژ ١٥ ، ل١٤٣.
2) نیاز سەعید عەلی :بزوتنەوەی ئیسلامی بەرپرسیارە نەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڵگیرسانی شەڕ لە کۆتای ساڵی ١٩٩٣ ، چ ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ٣-٤
3) بێ ناوی نوسەر : شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی ، گۆڤاری هەڵوێست ، ژ ٨ ، کانوونی دووەمی ١٩٩٤ ، ل ١٧-١٨
4) ژیلوان عبداللە احمد : پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧-١٩٩٩) ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ،ژ٦ ، کانونی دووەمی ٢٠١٩ ، ل ٣٣
5) فەیسەل داغلی : براکوژی ، و. ڕێبوار هەمەوەندی ، ل ٢٤٧

**2. هۆکارە سەرەکیەکانی شەڕی ناوخۆ**

**أ. هۆکاری ناڕاستەوخۆ :**

**یەکەم /**

ئەنجامی هەڵبژاردنی ( ئایار / مایس ١٩٩٢ ) هەر یەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردە خاوەن دەسەڵات و حکومەت . ئەو هێزانەی کە بە هۆی کەمی ڕێژەی دەنگدانەکانیان نەچونە پەرلەمان و حکومەت لە دەسەڵات دورکەوتنەوە ، بووە هۆی دروست بوونی شەڕو پێکدادان لە نێوان پارتەکانی نێو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات ، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ ، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە شەڕەوە ، هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ کەوتە شەڕەوە ئەمەش وایکرد حیزبی سۆشیالیستی کوردستان لە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) نزیک بێتەوە و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق لە (پارتی دیموکراتی کوردستان ) نزیک ببێتەوە . واتە هەڵبژاردنەکان بە دیوێکی تردا کە بووە هۆی قوڵکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان و دروست بوونی ململانێی چەکداری لە نێوان پارتەکانی باشوری کوردستان .[١]

1) ژیلوان عبداللە احمد : پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی ( ١٩٨٧ - ١٩٩٩ ) ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژ ٦ ، کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ، ل٣٣

**دووەم /**

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بری ئەوەی کێشەکانی خەڵک و پارتەکان چارسەر بکات بە پێچەوانەوە بووە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان ) و( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) سەخت تر و دژوارتر بێت ، دابەش کردنی سەرجەم پلەو پۆستەکان بە شێوەی ٥٠٪ بە ٥٠٪ . [١] دابەشکردنی یەکسانی کورسیەکانی پەرلەمان و حکومەت لە نێوان ( پارتی دیموکراتی کوردستان) و(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) دەرفەتێکی مەزنی بۆ گەندەڵی هێنایە ئاراوە و هەروەها بووە هۆی ململانێی زۆرتری نێوان دوو پارتە هەڵبژێردراوەکە لە حکومەتی هەرێمدا. [٢]

**سێیەم /**

هۆکاری ئابووری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی شەڕی نێوان هەردوو لا ، بە تایبەتی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان ، و ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی ئەو داهاتە سەرچاوەی سەرەکی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو پارت بوو و بەشی زۆری داهاتی هەرێمی کوردستان بە دیاری کراوی دەکەوتە ناوچە سنوریەکانی ژێر دەستی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی سنورەکانی تورکیای کردبوو و پارەیەکی زۆری لە ڕێگای گومرگی ایبراهیم خەلیل دەست دەکەوت و ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) داوای هاوبەشی لە داهاتە دەکرد . [٣]

---

1) مەجید ساڵح : ڕامانێک لە نەوشیروان مسطەفا ئەمین ، چ ١ ، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی ، ٢٠٢١ ، ل ٤٣٢ .
2) میشێل لیزانبێرگ : کوردستانی عێراق سیماکانی کۆمەڵگا و باسی جەنگی ناوخۆ ، و . یاسین سەردەشت ، سلێمانی ، ٢٠٢٢ ، ل ٢٣ .
3) هێرش عبداللە حەمە کەریم : پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی دراوسێ ( ئێران ، تورکیا ، سوریا ) (١٩٩١– ٢٠٠٣ ) ، چ ١ ، چاپخانەی تاران ٢٠١٣ ، ل ٤٣ – ٤٤ .

**چوارەم /**

مەترسی دارترین شەڕی نێوخۆی کورد بریتی بوو لە نەبوونی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێز کە بتوانێ دڵسۆزی قۆناغی سەرەتای عەشیرەتگەری ناوخۆی و لادێنی ، بەو جۆرە ململانێیەی لەسەر دەسەڵات لە ناو پارتە کوردیەکان بەتایبەتی لە نێوان(پارتی دیموکراتی کوردستان) و ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) پەرەی سەند ، ئەمیش نیشانەی نەبوونی بزوتنەوەیەکی ناسیزمی بەهێز بوو ، هەروەها هاریکاریەتی تاکە کەسی ڕۆڵی گرنگی لە ململانێی نێوان هەردوولادا گێڕا .[١]

**پێنجەم /**

هەموو ئەو ناکۆکی و دوو بەرەکیانەی لە ڕیزی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد و لە نێوان پارتە رامیارەکانی کوردستاندا ڕویانداوە هیچیان لەسەر بنەمای بیرو باوەڕو دید و بۆچون و ئایدۆلۆژی و هەڵوێستی نیشتیمانی و شۆڕش گێڕی نەبوون ، بەهەمان شێوە هەموو ئەو ڕێککەوتن و یەکگرتنانەی نێوان پارتە جیاجیاکانی کوردستاندا لە پێناو بەرژەوەندی پارتایەتی و دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتی رامیاریدا بوو .[٢]

**شەشەم /**

جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ، هۆکارێکی تر بۆ سەرهەڵدانی شەڕو ململانێی ناوخۆی ، ئەو جیاوازیەش خۆی لە ئاستی سەرمایە و ئینتیماکردن بۆ خێڵ و هۆزێکی دیاریکراو یان بۆ کەسایەتی و بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەبینێتەوە ، کە تێیدا تاکەکان لە ڕێگەی شانازی کردنێک دەکەونە ڕەتکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە ، سەرەنجام پێکدادان و ململانێو شەڕی ناوخۆی لە پارتە سیاسیەکان دروست دەبێت .[٣]

---

1) ئۆفرا بینگیۆ : کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێکە لە ناو دەوڵەتدا ، د. سۆران مسطفا کوردی ، چ ١ ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل ٣٣ .
2) حوسێن محمد عەزیز : دیموکراسی – ئایدۆلۆژی – جەنگی نێوخۆ ، چ ١ ، چاپخانەی باران ، سوید ، ١٩٩٤ ، ل ٤٢ – ٤٣
3) ڕێبوار کەریم محمد : پارتە سیاسیەکان ، ڕای گشتی ، چ ١ دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٥٨ – ٥٩

**حەوتەم /**

ڕاگەیاندن وەک هۆکارێک ڕۆڵی خراپی لە دروست کردنی شەڕدا گێڕاوە ، زۆرجار لە شەڕی نێوان هەردوو پارتی شەڕکەردا بووە . سەرەتا لە ڕاگەیاندنەوە شەڕ دەستی پێ کردوە و کاتێک شەڕ گەرم بوو ڕۆڵی ڕاگەیاندن زۆرتر بووە .[١]

**هەشتەم /**

خراپی ڕۆڵی جاش و مستە شارەکان لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان ) و ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) .[٢]

زۆر جار خراپی ڕۆڵی ئەم جاش و مستە شارانە دەبووە هۆکار بۆ شەڕ لە نێوان هەردوو لا .[٣]

**نۆیەم /**

هۆکاری دەرەکی لە شەڕی نێوان ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) و ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) هۆکارێکی کاریگەر بوو ، دەوڵەتە هەرێمیەکان هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا وەک ڕۆڵ ، کاریگەریان لەسەر گەرمکردنی شەڕ لە کوردستان هەبوو ، وەکە هۆکار بە گوێرەی هاوکێشەی سیاسەتی خۆیان دەکەوتنە بەهێزکردنی لایەنێک لە لایەنە شەڕکەرەکان .[٤]

1) شاڵاو ابراهیم عەزیز : ململانێی چەکداری پارتە کوردیەکان لە باشوری کوردستان ( ١٩٩١ – ٢٠٠٣ ) ، ل ٨٥ .
2) میشێل لیزەنبێرگ : ئابوری سیاسی کوردستانی عێراق ، و یاسین سەردەشتی ، سلێمانی ، ٢٠٢٢ ، ل ٣٩ .
3) ئاوارە کەریم : کارەساتەکانی یەکێتی ، چاپی ئەلیکترۆنی هەولێر ، ٢٠٢١ ، ل ٢٩٨ .
4) شاڵاو ابراهیم عەزیز : ململانێی چەکداری ، ل ٨٦ .

## ب. هۆکاری ڕاستەوخۆ :

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان گیانی لێبوردەی و قبوڵکردنی ڕای جیاوازیان تێدا نەبوو بۆیە پەنایان بۆ یەک برد و شەڕی کورد و برا کوژی دستی پێ کرد . [١] لە یەکی ئایاری ١٩٩٤، [٢] شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی لە قەلادزێ قەوما ،[٣] علی حەسۆ میرخا لەگەڵ نریکەی ٢٥ پێشمەرگە سەردانی قەڵادزێی کردبوو و دیاربوو لەوێ کێشەی زەوی چەند دوکانێک هەبوو .[٤] کێشە لە نێوان پارتی و یەکێتی بەرپا بوو لەسەر چەند دوکانێک لە ناوچەی قەڵادزێ ئەم ڕوداوە بووە هۆی ئەوەی کوژراو بریندارى لێ بکەوێتەوە و دواتر ئەم کێشەیە تەشەنەی کرد و بووا هۆی هەڵکوتانە سەر بارەگای یەکتری لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان . [٥]

1) شۆڕش حاجی : ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچە کردار ،ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس ، ڕوداوەکانی ١٩٦٣-٢٠٠٣ ، چاپ و پەخشی ماد ، ئێران ، تاران ، ٢٠١٨ ، ل ٣٤١ .
2) بێ نوسەر : شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێ کردو کێ لێی بەرپرسیارە ، چ ١ ، ب ١ ، ١٩٩٧ ، ژ ٩ ، ل ٥٠ .
3) نەوشیروان مسطفا ئەمین خەون یامۆتەکە ! دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٩٢-٢٠٢٢ ) ، بیرەوەری دۆکیۆمێنت لێدوان ، ل ١١١
4) مەسعود بارزانی : بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٩١-٢٠٠٢) ، ب ٥ ، چ ١ ، چاپخانەی ڕۆکسانا ، حوزایرانی ٢٠٢٢ ، ل ٢٣٢ .
5) پەژین جەلال نادر : بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان لە گۆشە نیگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان ١٩٩١-١٩٩٨ ، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ١٨

## تەوەرەی دووەم

## لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ:

**آ - ) لەڕووی ئابووری:**

تێکچوونی بارودۆخی سیاسی لە باشوری کوردستان خراپ بوونی بارووDۆخی ئابووری لێکەوتەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گوزەرانی خەڵکی هەبوو، حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا پرسیارێکی جدیان لەسەر ئەو هەموو قەیران و ئاستەنگە قوڵانەی کۆمەڵایەتی تا سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری نەکردووەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوە حیزبە سیاسیانەی هەرێمی کوردستان ناتوانن ڕۆڵی گونجاو ببینن لە چالاک کردنی لایەنی ئابووری، خەریک بوون بە دابەش کردنی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ زیاتر فراوان کردنی دەسەڵات، لە ئەنجامدا شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، ئەمانە هۆکارێکی جدی بوون کە کۆمەڵگای کوردی تا ئێستا کۆمەڵگایەکی نابەرهەم هێنە.ئەم لایەنانە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ئابووری وڵاتەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، دەستیان بەسەر هەموو دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانیدا گرتووە، چی ئیمتیازات هەیە بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن لە زاخۆ تا خانەقین ئەمەش کۆسپی سەرەکییە لە ڕێگای گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی، نەبوونی بەرنامەی حیزبەکان وایکردووە بێکاری پەرەسێنێت تەنانەت ئەوانەی بەتواناشن بە زەحمەت بتوانن کاریان دەست بکەوێت، کوردستان پڕە لە سامانی سروشتی بەڵام نەتوانراوە بۆ سوودی گشتی بەکاربهێنرێت. [1] ئایا بۆچی گەل وا خەم سارده و بۆچی هەوڵ نادرێت سنور بۆ براگوژی دابنرێت؟ کەخۆی لەخۆیدا مایەی لەکیسدانی هەموو دەستکەوتە گەورەکانە، شتومەک بە بێ هیچ چاودێرییەک ڕەوانە دەکرێت، خەڵک چۆنماڵیان هەراج دەکەن کەچی هەر ڕازی بوون، مامۆستا دەهات ماڵی هەراج دەکرد، [2]

---

1) فواد سدیق: قەیرانی کۆمەڵگا و حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩١ – ٢٠١١ توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانی لە هەرێمی کوردستان، نەورۆزی ٢٠١٥، هەولێر، ل ٢٢٧ – ٢٣٢ – ٢٤٧ – ٢٥٧ – ٣٦٥.

2) شێرزاد عبدالرحمان: برایەتی دەنگی ڕق و نارەزایی خەڵک تۆمار دەکات، ڕۆژنامەی برایەتی، سێشەمە، ١٠/٥/١٩٩٤، ژ ١٩٤٢

لە ڕووی ئابووری لەو ماوەیە باشوری کوردستان ڕووبەڕووی تەنگەژەی ئابووری بوو لەبەرئەوەی وڵاتانی دەوروبەر سنورەکانیان بەڕووی هەرێم داخستبوو واتە هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی بە فەرمی لە ئارادا نەبوو، بە گشتی خەڵک لە دوای ئابووری خۆبژێوی دەژیا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی لە ناوخۆ دابین دەکرا، سەبارەت بەو کاڵائیانەی گرنگ بوون و لە ناوخۆ دابین نەدەکرا بە ڕێگای قاچاخ دەهات لە ناوچە سنوورییەکان، بۆیە لە سنوری هەولێر ناوچەی خەبات چەندین مەڵبەندی بازرگانی هەبوون کە سەرچاوەی دابین کردنی سوتەمەنی بوون بۆ هەولێر، بێگومان ئەو کاڵایانە تا دەگەشتنە دەستی بەکاربەر دەبوو چەندین جۆر باج بدەن، باجەکەش بەپێی جۆری کاڵاکان بوون، بەنزین باجی گومرگی زۆر لەسەر بوو، ئابووری خەڵک لەم ماوەیەدا زیاتر بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکان بووە بەتایبەتی خۆراک (گەنم و جۆ) نەک پێداویستیە کەمالییەکان بەهۆی نەبوونی موچە یان کەمی موچە، بەشێکی زۆری فەرمانبەران لە دەوڵەت دۆخێکی ئابووری خراپ دەژیان تەنانەت دۆخەکە گەشتبووە ئاستێک کە فەرمانبەران کەلوپەلی ماڵیان دەفرۆشت بۆئەوەی گەنم کە سەرچاوەی ژیان بوو خۆراک دابین بکەن. [1] دابەزینی گەشەی ئابووری بووە هۆی وەستانی وەبەرهێنان لەیەکی دیکەوە بووە مایەی بەرزی ڕێژەی بێکاری بەهۆی وەستانی کاروباری بازرگانی لاوازی هێزی کار کە زۆربەی لاوەکانی بوون بە چەکداری دوو لایەن لەپێناو بەرژەوەندی دارایی خۆیان لەناوبردنی ژێرخان و دامەزراوە گشتییەکان وەک ڕێگاوبان و پرد و قوتابخانە و نەخۆشخانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی گۆمەڵگەی کوردی دروست کرد. [2] ئەو شەڕە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکارییەکی بێشومار لەلایەکی تر گرانیەکی تاقەت پڕوکێن ڕووی لە باشوری کوردستان کرد، چونکە ئەو شەڕە زۆربەی کارە بازرگانیەکانی لەنێوان هەردوولادا وەستاند، بۆیە بێکاری وەکو دیاردەیەکی بەرچاوی ئەو کاتە دەبینرا، برسیەتیەکی گەورە تا ئەو ڕادەییەی خەڵک نەیدەتوانی چەند ژەمێک لە ڕۆژێکدا بخوات لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی ناوخۆ بووە هۆی پەککەوتنی ئەو کارگانەی ئەوکات لە هەرێمی کوردستان بوونی هەبوو واتە ژێرخانی ئابووری بەتەواوی بەرەو لاوازی و نەمان چوو [3]

1) ( چاوپێکەوتن/ فتاح بەهرام خضر: لەدایک بووی ١٩٨١ لەدایک بووی شاری هەولێر، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی ئاداب بەشی مێژوو زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٤/٣/٦، ١٢:٠٠ P.M)
2) (چاوپێکەوتن/ ئەسعەد قادر سلێمان، لەدایکبووی ١٩٧٩، فەرمانبەر لە ئاماری ئەنجومەنی وەزیران، قوتابی قۆناغی چوار لە کۆلێژی ئاداب دەوامی ئێواران، دانیشتووی شاری هەولێر، ٢٠٢٤/٤/٤ )
3) (چاوپێکەوتن/ ڕێدار عزەدین کانەبی، لەدایک بووی ١٩٨٥، مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٤/٣/٥)

بازاڕ زۆر گران بوو هەر بۆ نمونە کیلۆیەک شەکر بووە (١٠٠) دینار، لە کوردستاندا (٧) کارگە هەبوو، زۆربەی دەزگایەکان هەرزان فرۆش کران، دەست بەسەر خانوو زەوی یەکتردا گیرا، خەڵک فێری قاچاخچیەتی بوو. [١] کوردستان وەک بەشێک لە عێراق توشی هەڵئاوسانی ئابووری بوو، دوای ئەو ئابڵۆقەیەی لەسەر عێراق، حکومەتی عێراق ئابڵۆقەی خستە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە وایکرد نرخی خواردەمەنیەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرز ببێتەوە بەتایبەت لە کاتی شەڕی ناوخۆ، کوردیش ئابورییەک کە هەبوو وەکو چەک لە دژی یەکتر بەکاریان دەهێنا، زیادکردنی باجی گومرگی بەشێوەیەکی بەرچاو چونکە لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە سنوری نێوان هەردوو حیزب هەموو کاڵایەک لەکاتی چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوە لەلایەن هەردوو حیزبەوە باجی لێوەردەگیرا، لەم ساڵانەدا ژیان لە هەرێمی کوردستان زۆر سەخت بوو، چونکە هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ و ئابڵوقەی دوولایەنە لەلایەن حکومەتی عێراقی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کوردی باشوری خستبووە ژێر کارەساتێکی مرۆیی، بەتایبەت ئابڵۆقەی بەغداد موچەی فەرمانبەرانی بڕیبوو، حکومەتی هەرێمیش نەیدەتوانی موچەی فەرمانبەران دابین بکات، بۆیە گرانی ڕووی لە کوردستان کردبوو، نەبوونی پارە و گرانی کاڵاکان لە ئاستێکدا بوو کە کەم خەڵک دەیتوانی خواردن و جلوبەرگ بەڕادەی پێویست بکڕێت. [٢] هەریەکە لەو حیزبانە کۆمەڵێک بەرژەوەندی پەرست و گیرفان پڕکەر خۆیان پێدا هەڵواسیوون و لەکاتی شەڕ و ئاژاوەدا بەکاردەبرێن بۆ بەرژەوەندی حیزبیی و لەکاتی ئاسایشیشدا بەردەبنە گیانی خەڵکی، بە تاڵان بردن و دزی و پیاو خراپی... کە ئەمە لە ئەساسدا ڕێبازێکی ناپەسەندی کۆنەپەرستانەیە، مەسەلە دەبێت کێم لەگەڵ بێ، نەک کێ ڕاستە و کێ ناڕاستە؟ [٣]

---

1) چاوپێکەوتن/ عبدالله اسماعیل احمد، لەدایک بووی ١٩٦٣، مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەڵاحەدین، دانیشتووی شاری هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٧، ٢:٠٠ دوای نیوەڕۆ
2) پەرژین جلال نادر: باروودۆخی کۆمەڵایەتی باشوری کوردستان لە گۆشەنیگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩١ ــ ١٩٩٨، نامەیەک پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، ٢٠٢٢ ل ١٩ ــ ٢٠
3) بێ ناوی نوسەر/ بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٩٤/٢/٦ تا ١٩٩٨/١٢/٢٧ لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ژمارە ١١

ژیانی قوتابییەکان و مامۆستاکانیش لەو کاریگەرییە بەدەر نەبوو، چونکە بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکان بەهۆی خراپ بوونی گوزەرانی خێزانەکانیان وازیانلە قوتابخانە دەهێنا و دەستیان دایە کارکردن، مامۆستایانیش بەهەمان شێوە لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان ناچار دەبوون کاری دیکە ئەنجام بدەن، یاخود بەتایبەتی لەوکاتانەی بۆ چەند مانگێک موچەکانیان دوادەکەوت هاوکات لەماوەی شەڕی ناوخۆدا بەهۆی دابین نەکردنی بودجە و خەرجی پێویست بۆ کەرتی پەروەردە، مامۆستایانی وانەبێژ لەو دەرماڵەی بۆیان دابین کرابوو بێبەش بوون. [1] چەندین ڕێکەوتننامەی تەمەن کورت لە نێوان پارتی و یەکێتی، وەزعەکە بۆ پارت بێ عەیب بوو چونکە داهاتی ئیبراهیم خلیل بۆ ئەو یەکجار زۆر بوو لەبەرامبەردا وەزعی دارایی یەکێتی زۆر خراپ بوو نەیدەتوانی بەو وەزعە بەردەوام بێت، پارە و سامان لەو سەردەمە شادەماری هێز و دەسەڵات بوو، پارتی وەزعەکەی بەدڵ بوو و نەدەچووە باری هیچ ڕێکەتننامەیەک، دابینکردنی داهاتە گومرگییەکان بەسەر هەموو ناوچەکە یەکێک بوو لەو بابەتانەی پارتی بەوە تاوانبار دەکرا کە گومرگی ئیبراهیم خلیل ی سەر سنوری تورکیای دەست دەکەوێ، سەردانی تاڵەبانی و بارزانی بۆ واشنتۆن بە ڕێکەوتنی واشنتۆن،[2] لە ١٧ ی ئەیلوولی ١٩٩٨ ڕێکەوتننامەی واشنتۆن واژوو کرا دوابەدوای ئەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی کوردستانی عێراق هەروەها پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان و عێراق دەستی پێکرد. [3] دوای ئەوەی تەپ و تۆزی شەڕی ناوخۆ نیشتەوە دەرکەوت کە ڕووداوەکانی نەوەدەکان دۆزی کوردی بە شێوەیەک خراپ کرد کە چاک کردنی نزیک بوو لە مەحاڵەوە، چونکە دەرهاویشتەکانی ئەوەبوو کە دوو ئیدارەیی لە کوردستانی عێراق بوو بە حاڵەتێکی هەمیشەیی و ئاسایی، پارت و یەکێتی دوو ئیدارەی جیاوازیان لە سنوری قەڵەم ڕەویی خۆیان دروست کرد هەریەکەیان وەزارەت و ئیدارە و باج و ڕسومات و پەیوەندی نێودەوڵەتی خۆیان دامەزراند. [4]

1) نورمان نوری عبدالله : ڕەوشی خوێندنی فەرمی لە پارێزگای هەولێر (١٩٩١-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەی مێژوی، نامەیەک پێشکەش ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر – ٢٠٢٢- ل ٦٠

2) شۆڕش حاجی: ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار، ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس، ڕووداوەکانی ١٩٦٣ – ٢٠٠٣،ئێران، تاران، چاپ پخش ماد، ٢٠١٨، ل ٣٤٨ – ٣٥٠

3) وریا ڕەحمان: مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا، چ ١، ٢٠٢١، هەولێر، ل ٤٦٠

4) چاوپێکەوتن/ هیوا علی عمر: لەدایکبووی ١٩٧٦، مامۆستا لە زانکۆی سەڵاحەدین بەشی کۆمەڵناسی، دانیشتووی شاری هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٤، ١١:٠٦ pm

دوای ڕێککەوتننامەی واشنتۆن ئەو بەند و مەرجانەی لەخۆدەگرت کە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێم بوو تا هاوینی ١٩٩٩، دابەشکردنی داهاتی گومرگ لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی خەڵک بەڵێن درا کە ئاسایشی سنورەکانی کوردستانی عێراق لەبەرچاو بگیرێ، باروودۆخەکە لە ڕووی ئابوریشەوە گەشەی کرد، ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێگەی بڕیارێک بەشێوەیەکی کاریگەر ئەو بڕە نەوتەی زیاد کرد کە ڕێگا درابوو بفرۆشرێت، هەرێمی کوردستان بە بێ دەست تێوەردانی بەغداد ١٣٪ پەرەی فرۆشتنی ئەم نەوتەی پێ دەگەشت، ئەم پارەیە بۆ زۆر مەبەستی جۆراو جۆر خەرج دەکرا وەک پێداویستییەکانی خواردەمەنی و داو دەرمان، پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو و کشتوکاڵ و پەروەردە و دامەزراندنەوەی خەڵکی بێ جێ و شوێن کراو، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ کۆبوونەوە لە نێوان پارتی و یەکێتی بەردەوام بوو، هەردوولا ئایندەی ئاشتی گەشبین بوون، پارتی لە شوێن و پێگەیەکی باشدا بوو، هەم لە ڕووی سیاسی هەم لە ڕووی ئابووری، ئەم داهاتە لە بانکی هەرێم لە هەولێر هەڵدەگیرا و لەلایەن پەرلەمانی کوردستان کە پارتی تێیدا زۆرینە بوو. پارتی بەرپرسیاریەتی ئەوەی گرتبووە ئەستۆ کە موچەی ئەو کارمەندە خزمەتگوزارانە بدات کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کاریان دەکرد کەچی تاڵەبانی داوای کۆمیتەیەکی هاوبەشی دووقۆڵی دەکرد واکو داهاتی گومرگەکان کۆبکاتەوە و دابەشی بکەن بەڵام بارزانی ڕەفزی دەکردەوە، چەندین داواکاری تر بەڵام پارتی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت یەکێتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ قبوڵ بکات بەڵام یەکێتی ڕەتی کردەوە. [١]
دوای ئەو هەموو ناکۆکیە ئیتر ژیانی خەڵک لە شار و گوندەکان تۆزێک بەرەو بوژانەوە هەنگاوی دەنا، تا سەرئەنجام لەساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی بەعس ڕووخا بەو نیمچە ئاشتیە کە لە ئارادا بوو، تارادەیەک گەلی کوردمان لە باشووری کوردستان، هەروەها کەڵکی باشیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و نەهێشتنی ئاسەواری ئەو ماڵ وێرانیەی کە لەو چەند ساڵەدا ڕوویاندابوو، بە گشتی کوردستان لەنێوان ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەرچاوی لە بوارەکانی (ئاوەدانی-زانستی-ئابووری) بەخۆیەوە بینی، سەرئەنجام زۆربەی کۆمپانیا جیهانییەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، نوێنەرایەتی نزیک بوو بە ٤٠ وڵات، ڕێکخراوی گرنگی جیهانی تێدا کرایەوە، ئەمانە و زۆر شتی تر. [٢]

---

1) مراد خۆشەوی حسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق، ١٩٩٠ – ٢٠٠٥، د. نوسەر خۆی، چ١، ٢٠٠٨، ل ١١٥ – ١١٨ – ١١٩

2) عارف باوەجانی: شەڕی ناوخۆ و زیانەکانی بۆ نەتەوەیەکی بندەست، لە ٢٠٢٠ نوسراوە، ٢٠٢٠/٥/٦، لینکی بابەت (https://peshmergekan.com/?p=52913)

**ب) لە ڕووی کۆمەڵایەتی**

ئەگەر جاران ئاستی گەشەی کۆمەڵگای کوردی بە دواکەوتوو لە قەڵەم درابێت وەلا و ئینتیمای تاکی کورد بۆ عەشیرەت و سەرۆک عەشیرەت و بوبێت لە دوای ڕاپەڕین گۆڕا بۆ حیزب و سەرکردەکەی، لەو حاڵەتە لە هەموو شتێکدا و لە هەموو کارێکی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی تاکی کوردا ڕەنگی دابویەوە، زۆرینەی کۆمەڵگا چەکدار بوون یان لە ئۆرگانەکانی حیزبەکان ئەندام بوون یاخود بیرکردنەومیان لەچوارچێوەی حیزبێکدا بەرجەستە ببو، بەردەوام بوونی شەڕی نێوان پارت و یەکێتی خەڵکی کوردستانی نائومێد کرد لەوەی کە دوا ڕۆژێکی روون و سەقامگیر لە کوردستانی عێراق بێنەکایەوە. لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و قەیرانی دارایی شەپۆلێکی گەورەی کۆچکردنی گەنج و لاوەکان بۆ هەندەران دەستی پێکرد و دایان هەزار لاوی تەمەن ١٥-٣٠ ساڵ سەری خۆیان هەڵگرت و کوردستانیان جێهێشت، ئەو کۆچ کردنە زیانێکی مرۆیی گەورەی بە کوردستانی عێراق گەیاند چونکە کوردستان لە دەستی کار و پسپۆڕی دەیان هەزار لاو بێ بەش کرد کە تا کۆتایی نەوەدەکان هەر بەردەوام بوو، هەندێک میدیای ئەهلی کە لەو سەردەمەدا هەبوون ڕۆڵی بەرپرسانە و نەتەوەییانەیان گێڕا بلە دروستکردنی ڕای گشتی دژی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیر و نوسەر، شاعیر، هونەرمەند ئیدانەی شەڕ و داوای ئاشتیان دەکرد، کۆمەڵێک گروپ لە دەرەوە و ناوەوە دروست بوبون بۆ هەمان مەبەست. [1] ئەم شەڕە بووە هۆی پچڕانی شیرازەی خێزان و کاڵبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆچی بەلێشاوی خەڵک بۆ هەندەران برتاییەت کۆچی گەنجان. [2] ئەم شەڕە بووە هۆی قەیرانی مرۆڤ، زیادبوونی فشاری دەروونی، ململانێی چەکداری لە شەڕی ناوخۆدا، ژیانی خەڵی دژوار کرد و هاوڵاتیان ئاسایش و سەقامگیریان لەدەستدا بەهۆی جەنگی ناوخۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان توندوتیژی و دابڕانیان بەخۆوە دەدی، بە گشتی شەڕی ناوخۆ کاریگەری وێرانکەری لەسەر کۆمەڵگا جێ هێشت و تا ئێستاش تاک و کۆمەڵی کورد بەدەست کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناڵێنن، ئاسەواری شەڕی ئیگریسی ناوخۆ هێشا ماوە، خەڵکی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان بە تەواوی نەڕەویوەتەوە. [3]

1) شۆڕش حاجی: ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار، ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس، ڕووداوەکانی ١٩٦٣ ـــ ٢٠٠٣ نێوان تاران، چاپ پخش ماد، ٢٠١٨، ل ١٣٢ ـــ ١٤٩
2) چاوپێکەوتن/ عبدالستار خدر ابراهیم: لەدایک بووی ١٩٦٤، فەرمانبەر لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین، دانیشتووی شاری هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٧، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ
3) چاوپێکەوتن/ ئەسعەد قادر سلێمان: لەدایک بووی ١٩٧٩، فەرمانبەر لە ئەنجومەنی وەزیران، قوتابی قۆناغی چوارەم لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی دەوامی ئێواران، دانیشتووی شاری هەولێر، ٢٠٢٤/٤/٤.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خراپترین ئاسەواری کۆمەڵایەتی بەجێماوە لە گوێرانەگرتن لە بیروباوەڕی جیاوازی لەنێوان تاکەکان و بە گشتی و کۆمەڵگای پەرش و بڵاو کرد، نەبوونی هەست و سۆز بەرامبەر یەکتر، نەبوونی هەستی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی کۆمەڵگای دابەشکرد بەسەر دوو هەرێم و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. [1] خەڵکی توشی گرفتی دەروونی بوبووەوە، دەکرێت یەکێک لەو گرفتانە زەوتکردنی موڵک و خانوو و زەوی و زاری خەڵک بوو، تێچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سستکردنی پڕۆسەی هاوسەرگیری و بێ بەهاکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و لەناوبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەریەک کەوتنی ڕق و تۆڵە و هەڵکوتانە سەر یەکتر لە سیما دیارەکانی شەڕی ناوخۆ بوو. [2] شەڕی ناوخۆ بووە هۆی کوشتن و ئاوارەبوونی هەزاران ڕۆڵەی بێتاوان و کۆچ کردنی هەزاران ڕۆڵەی کورد بۆ دەرەوە کە کاریگەرییەکانی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەرماوە.دروست بوونی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەهۆی لایەنگیری خێڵێک بۆ پارتێکی سیاسی ڕاستەوخۆ دەبوو بە دوژمن بۆ پارتێکی دیکە، چەندین نمونەی لایەنگیری خێڵایەتی هەیە لە شەڕی ناوخۆ لەوانە لایەنگیری بەشێک لە سورچی و برادۆستییەکان بۆ یەکێتی و شەمێرانیەکان بۆ پارتی، ڕێکەوتننامەی واشنتۆن هەرچەندە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداری نێوان پارتی و یەکێتی هێنا بەڵام باشووری کوردستان بە دوو ئیدارەیی مایەوە جگە لە زیانە گیانی و مادییەکان بۆ باشوری کوردستان کە خۆی لە (کوشتن – ڕاگواستن- دەربەدەرکردن) دا دەبینیەوە، ژمارەیەکی زۆر لایەنگرانی هەردوو پارت بێ سەروشوێن کران و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت چارەنوسیان دیار نیە. [3] لاواز بوون و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خزمەکان، متمانە و باوەڕپێکردن بەیەکتر کەم بوەوە، هەندێک خێزان بەهۆی لەدەستدانی منداڵەکانیان توشی جیابوونەوە ببوون، جگە لەوەی کۆچی ناوخۆ زۆر بوو، بەردەوام لە جەنگدا وایە لایەنێک بەسەر لایەنێکدا زاڵ دەبێت بەڵام جەنگە ناوخۆییەکانی کوردستان هەتا ئێستا نەیتوانیووە ئەمە بکات.

---

1) چاوپێکەوتن/ ئاکار سلام بکر: لەدایک بووی ١٩٨٤، ڕابەری پەروەردەی، ٢٠٢٤/٢/٢٧، ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ
2) چاوپێکەوتن/ هەژار محمد اسماعیل: لەدایک بووی ١٩٨٤، دانیشتووی شاری هەولێر، پیشەی کاسب، ٢٠٢٤/٢/٢٩، ١٢:٠٠ Pm.
3) شاڵاو ئیبراهیم عزیز: ململانێی چەکداری پارتە کوردییەکان لە باشوری کوردستان (١٩٩١ – ٢٠٠٣)، نامەیەک پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ی زانکۆی سلێمانی کردووە، ٢٠٠٣، ل ١٨٠

دۆخی هەژاری خەڵک بە ئەندازەیەک بوو تەنانەت لە بۆنەکانیش وەک پرسە یان ئاهەنگەکان خەڵک بە بێ بانگهێشت کردن ئامادە دەبوو، سەرهەڵدانی دیاردەی دزی و ناسەقامگیری ئاسایش کە ئەمە بەهۆی زۆری ڕێژەی هەژاری بوو، زۆرینەی ماڵەکان چەکیان هەبوو تەنانەت لە گەڕەکە میلییەکان سەگی پاسەوانی ڕادەگیرا، خەڵک بەهۆی دزینی هەندێک بابەتی بێ بەها دەگوژرا، لە گەڕەکەکەی ئێمە کەسێک لەسەر دزینی مریشک کوژرا، دیاردەی ئاوارەبوونی دانیشتوان سەری هەڵدابوو بۆیە کاتێک پارتی گەڕایەوە شاری هەولێر لایەنگرانی یەکێتی ڕوویان کردە ناوچەکانی سنووری یەکێتی بەتایبەتی (کۆیە، سلێمانی) وە بە پێچەوانەوە لایەنگرانی پارتی هاتنە هەولێر، ئەمەش گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای دانیشتوان دروست کرد، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر باش بوون بەڵام دۆخە سیاسیەکە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، لایەنگرانی پارتەکان ڕەنگدانەوەی خۆشەویستیان بۆ پارتەکانیان لە جلوبەرگ و کاڵاکانیان ڕەنگی دابویەوە، ئەوانەی سەر بە یەکێتی بوون هەمیشە جلی سەوزیان دەپۆشی، ئەوانەشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون زەردیان دەپۆشی، تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەسەر شیوازی بەستنی جامانە و تەسبیح و کڵاوی تایبەت بە خۆیان هەبوو، زۆرجار خەڵک لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرا. [١]
دیاردەی کوشتن و تۆقاندن هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بوو هەروەها تەشەنەکردنی تاوانی دزی و بەزۆر بردنی پارە و کەلوپەل و ئۆتۆمبێل، بەهەمان شێوە ئەو کێشانەی پەیوەستن بە خێزان و ئافرەتانیشەوە، هەموو ئەوانەش گرنگن بۆ وێناکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، وە هەروەها کەمی نۆژداری و کەمی بینای نەخۆشخانە، هەروەها کەمی دەرمان و فرۆشتنی دەرمان بە شێوەیەکی نایاسایی، وایکردبوو کە کەرتی تەندروستی بە خراپترین کەرتی خزمەتگوزاری دابنرێت لەم ماوەیەکدا. [٢] بەهۆی ئەم شەڕەوە بواری پەروەردە دووچاری گرفت وئاستەنگی زۆر بووە، چونکە بەهۆیەوە ژمارەیەک لە قوتابیان و مامۆستایان بەهۆی لایەنگریان بۆ هەردوو حیزبەکە وازیان لە ئەرکەکانی خۆیان دەهێنا و دەچوون بۆ بەرەکانی جەنگ، هەروەها بەشێکی زۆر لە بینای قوتابخانەکان دەکرانە بارەگای هێزەکانی حیزبەکان و بارەگای ڕێکخراوەکانی پاشکۆی حیزب، هەربۆیە کاتێک شەڕی نێوان هەردوو حیزب دەچووە بارێکی توندەوە بۆماوەیەک خوێندن لە قوتابخانەکان دەوەستا بەتایبەتی لە قوتابخانەکانی گوندەکانی ناوچەکانی دەرەوەی شار چونکە ڕێگای هاتووچۆکردنی مامۆستاکان بۆ گوندەکان وە هاتووچۆکردنی قوتابییەکان بۆ شارەکان بۆ مەبەستی درێژەپێدان بە خوێندن دەوەستا. [٣]

---

1) فتاح بەهرام خضر: لەدایکبووی ١٩٨١، لەدایک بووی شاری هەولێر، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی ئاداب لە بەشی مێژوو زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٢٤/٣/٦، ١٢:٠٠ Pm
2) پەرژین جلالال نادر: بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە گۆشە نیگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان (١٩٩١ – ١٩٨٨)، نامەیەک پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، ٢٠٢٢، ل ١٢٧
3) نورمان نوری عبداللە: ڕەوشی خوێندنی فەرمی لە پارێزگای هەولێر (١٩٩١-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەی مێژوویی، نامەیەک پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر – ٢٠٢٢، ل ٥٩

لەم شەڕەدا ئێمە هاتووین باسی ڕووداوی دڵتەزێن دەکەین لە مێژووی میلەتەکەمان کە باس لە کۆمەڵێک ڕووداو دەکات کە زۆر نزیکن لێمان، باسی خەم و خواستی پەژارەی ماڵی کوردی دەکەین کە کەمیان هەیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ برینێکی ئەم کارەساتەیان بەر نەکەوتبێ و قوربانیان نەدابێت، یەکێک لە قوربانییەکانیان لەو خێزانەی کە چوار کوڕی بێ هۆکار لە ماڵ و حەوشەی خۆیان بە کەوتنی هاوەنێک لە حەوشەکەیان چوار کوڕی کوژران لە شاری کۆی بە ناوەکانی (شاڵاو – هەنگاو – سەنگاو محمد) ئەم ڕووداوە بووە هۆی سەرگەردانی خێزانەکەیان لە شاری کۆیە بۆ هەولێر، ڕووداویێکی دیاری ئەو کاتە بوو کە ڕویدا. [1] یەکێکی تر لە قوربانییانی شەڕی ناوخۆ (عامر حمەنوری، قوتابی کۆلێژی پزیشکی بووە، ڕاستە ئەو ڕشەکوژ نەکراوە یان هیچ کەسێک نەبووەتە هۆکاری کوشتنی، خۆی خۆی کوشتووە، دیارە هۆکاری کوشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی نائارامی بارودۆخەکە لەو سەردەمە، هەروەک هاوڕێکانی باسی دەکەن لەو چەند ڕۆژەی دوایی زۆر پەشۆکا بوو بەهۆی ئەو شەڕەی داگیرسابوو، دەڵێن هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئۆقرەی لەبەر بڕیبوو و نەیدەتوانی بەسەر ئەقڵیدا زاڵ ببێت، ئێوەرەیەک بە کڵانشینکۆف خۆی کوشت. [2] باری کۆمەڵایەتی و دەروونی وڵاتمان هێندە ئاڵسکاو بوو کە بە بچوکترین ڕووداو کارەساتی گەورە و گران ڕوو دەکاتە میلەتەکەمان ئەمەش خۆی لە خۆیدا داوا لە خەمخۆران دڵسۆزان دەکات بە گەرمی هەوڵی داخستنی دەرگای دووبەرەکی و ئاشوب بدەن. [3]

---

1) چاوپێکەوتن/ بەهرە لوقمان عبدالحميد: لەدایکبووی ١٩٧٤، فەرمانبەر لە کتێبخانەی ناوەندی هەولێر، خاتونیکی نمونەیی کە باسی براکانی کرد بە خەم و پەژارەوە، ئەم ڕووداوە لە بەرواری ١٩٩٤/٥/١٩ ڕویدا، ٢٠٢٤/٣/٥، ١١:٠٠ پێش نیوەڕۆ

2) حمە نجم: خۆکوشتنی عآمر ڕووداوێکی دڵتەزێن، برایەتی، ژ ١٩٤٤، ١٣/٥/١٩٩٤، لە کۆلێژی پزیشکی قوتابییەک لە ڕقی براکوژی خۆی دەگوژێت

3) بێ ناوی نوسەر: بەیاننامە ڕاگەیەندراوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٩٤/٢/٦ تا ١٩٩٨/١٢/٢٧، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ژمارە ١١، ل ٣٥

## ئەنجام

**یەکەم :** لە (١/ئایاری ١٩٩٤ ) دەستپێکی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی بوو ، کە تا (١٩٩٨)ی خایاند چەندین گەری شەری لەخۆگرتبوو هەردوو پارت هۆکاربوون بۆ دروستبوونی شەرەکە. مێژووی زۆر لە گەلان لەوانەش کورد سەلماندویانە کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا هیچ لایەنێک سەرکەوتنی هەمیشەیی بەدەست ناهێنێت،

**دووەم :** شەڕی ناوخۆی کوردی ئەم سەردەمە نوێیە و بەتایبەتی نیوان یەکێتی و پارتی کە هەزاران قوربانی و دارمانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە و بووە هۆی تەفروتونا کردنی سامانی نەتەوایەتی و دروست بوونی کینە و بوغز و ڕق و تۆڵە لە یەکتر و ئینجا ئیفلیج کردنی پەرلەمان و لەتکردنی حکومەت و کوشتن و لەناوبردن باشتر بن، ڕۆڵەی ئەم میلەتە و دەرکردن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی یەکتر.

**سێیەم :** نە یەکێتی نە پارتی نە ئێستا و نە تا ئایندەیەکی دوریش نەیانتوانیوە و ناتوانن لە (عوقدە)ی شەڕی ناوخۆیان رزگار بکەن، هەوڵی بە دامەزراوە کردنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان بدەن و ناکۆکیەکانیان بەڕیگای ئاشتی چارەسەر بکەن و سندوقی دەنگدانی پاک و بێ دەستکاری بکەن بە سەنگی قورسایی سیاسی خۆیان.

**چوارەم :** شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان شەڕی بەرژەوەندی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەستگرتن بەسەر داهاتی باشوری کوردستاندا بووە ، هیچ پەیوەندیەکی بە بیر وئایدیای جیاوازی پارتیەوە نەبووە .

**پێنجەم :** بەردەوام شەڕی ناوخۆ و بە تایبەتی لە نێوان پارتی و یەکێتی بووە هۆی دروست بوونی دوو ناوچە و دوو دەسەڵاتی جیاواز لە باشوری کوردستان ، کە ناوچەکانی هەولێر و دهۆک پارتی بە ناوی حکومەتی هەرێم -هەولێر بەڕێوەی دەبرد و ناوچەکانی سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوک یەکێتی بەڕێوەی دەبرد بە ناوی حکومەتی هەرێم -سلێمانی ، وە ئەو بابەتە هەڵگری زۆر لەوە زیاترە کە بتوانین لە چەند دێڕێک کۆیبکەینەوە .

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتوکەکان


1) حوسێن محمد عزیز: دیموکراسی- ئایدۆلۆژی – جەنگی نیوخۆ، چ١، چاپخانەی باران، سوید، ١٩٩٤.

2) ڕێبوار کریم محمد: پارتە سیاسیەکان و ڕای گشتی،چ١، دەزگای چاپ، پەخشی حەمدی، سلێمانی ٢٠٠٩.

3) شۆرش حاجی: ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار، ناسیزنالیزمی کوردی حیزبی بەعس، ڕووداوەکانی ١٩٦٣ – ٢٠٠٣، چاپ بخش ماد، ئێران، تاران، ٢٠١٨.

4) صلاح رشید: شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرئەنجام، چ١، ٢٠٢٠.

5) فواد سدیق: قەیرانی کۆمەڵگا و حیزبە سیاسیەکەکانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩١-٢٠١١ توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانی لە هەرێمی کوردستان، نەورۆزی ٢٠١٥، هەولێر.

6) فەیسەڵ داخلی: براکوژی شەڕی ناوخۆی کورد، وە ڕێبوار هەمەوەندی ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتی دراوەتێ، ٤٣٤٤٢٧ – ٧٨١٨٣٨ – ٩.

7) مام جەلال: دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی جلال رشید بەشی دووەم.

8) مراد خۆشەوی حسۆ: گۆڕانکارییەکانی عێراق پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق (١٩٩٠-٢٠٠٥)، و. نوسەر خۆی، چ١، ٢٠٠٨.

9) مصفی چاوڕش: یادەوەرییەکان، ٢٠١٤، چاپخانەی سەردەم.

10) میشێل لیزەنبێرک: کوردستانی عێراق، سیماکانی کۆمەڵگا باسی لە جەنگی ناوخۆ، و.یاسین زەردەشت، سلێمانی، ٢٠٢٢.

11) میشێل لیزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، و.یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٢٢.

12) مەجید سالح: ڕامانێک لە نەشیروان مصتەفا ئەمین، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢١.

13) مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، ب.، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، حوزەیرانی ٢٠٢٢.

14) نیاز سعید علی: بزوتنەوەی ئیسلامی بەرپرسیارە نەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڵگیرسانی شەڕ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤.

15) نەوشیروان مستەفا ئەمین: نەوت یان مۆتەکە! دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٩٢ ــ ٢٠٢٢)، بیرەوەری دۆکۆمێند لێدوان.
16) هاوڕێ قادر رسول: لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان، چ١، هۆڵەندا، ١٩٩٤.
17) هێرش عبدالله حمەکریم: پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی دراوسێ نێوان تورکیا و سوریا (١٩٩١ ــ ٢٠٠٣)، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٣.
18) وریا ڕەحمان: مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا، چ١، هەولێر، ٢٠٢١.
19) ئاراس عبدالرحمان مصطفى: پانۆڕامای ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، چ١، ٢٠١٨.
20) ئاراس عبدالرحمان مصطفى: ڕاپەڕینی ئادار، ١٩٩١، لە باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨.
21) ئاوارە کەریم: کارەساتەکانی یەکێتی: چاپی ئەلیکترۆنی هەولێر، ٢٠٢١.
22) ئۆفرابینگیۆ: کوردی عێراق بنیادنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و. سۆران مصفی کوردی، چ١، چاپخانەی ئاواز، هەولیر ٢٠١٣.
23) ئیحسان تەپەری: فێرکردنی فەلسەفەی زانستی، و. حوسێن خەلیفی، بغداد، عێراق، ١٩٩٤.

**دووەم : ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان**


1) بێ ناوی نوسە: شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە؟ چ١، ب١، ١٩٩٧، ژ٢٩.
2) بێ ناوی نوسەر: بەیاننامە ڕاگەیەندراوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٩٤/٢/٦ تا ١٩٩٨/١٢/٢٧، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ژمارە ١١، ل ٣٥
3) بێ ناوی نوسەر: شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی و گۆڤاری هەڵوێست، ژ.٨، کانوونی دووەمی ١٩٩٤.
4) حمە نجم: خۆکوشتنی عامر ڕووداوێکی دڵتەزێن، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ ١٩٤٤، ١٩٩٤/٥/١٣، لە کۆلێژی پزیشکی قوتابییەک لە ڕقی براکوژی خۆی دەگوژێت
5) ژیلوان عبداللە احمد: پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧-١٩٩٩)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٦٠، کانوونی دووەمی ٢٠١٩.
6) شێرزاد عبدالرحمان: برایەتی دەنگی ڕق و نارەزایەتی خەڵک تۆمار دەکات، ڕۆژنامەی برایەتی، سێشەمە، ١٩٩٤/٥/١٠، ژ ١٩٤٢.
7) محەمەد: هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، و. ئیدریس عومەر، گۆڤاری برایەتی، بەهاری ٢٠٠٠، ژ ١٥٠.

**سێیەم :نامە و تێزە زانکۆییەکان**


1) پەرژین جلال نادر: بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە گۆشە نیگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان (١٩٩١ – ١٩٨٨)، نامەیەک پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، ٢٠٢٢، ل ١٢٧.

2) شاڵاو ابراهیم عزیز: ململانێی چەکداری پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣)، نامەیەک پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی کردووە، ٢٠٢٣.

3) شوان حسێن: جەوهەر نامیق سالم ژیان و بەرهەمی ڕۆڵی سیاسی (١٩٤٦-٢٠١١)، نامەیەکی ماستەر پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی ئاداب زانکۆی سۆران کراوە، ٢٠١١.

4) نورمان نوری عبدالله: ڕەوشی خوێندنی فەرمی لە پارێزگای هەولێر(١٩٩١-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەی مێژوویی، نامەیەک پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر – ٢٠٢٢، ل ٥٩.

**چوارەم : چاوپێکەوتنەکان**


1) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( بەهرە لوقمان عبدالمجید ) هەولێر، ٢٠٢٤/٣/٥.
2) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( ڕێبوار عزەدین کانەبی ) هەولێر، ٢٠٢٤/٣/٥.
3) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عبدالستار خدر ابراهیم ) هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٧.
4) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عبداللە اسماعیل احمد ) هەولێر، ٢٠٠٣/١١/٢٧.
5) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( فتاح بەهرام خضر ) هەولێر، ٢٠٠٤/٣/٦.
6) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( هیوا علی عومەر ) هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٤.
7) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( هەژار محمد اسماعیل ) هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٩.
8) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( ئاکار سلام بەکر ) هەولێر، ٢٠٢٤/٢/٢٧.
9) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( ئەسعەد قادر سلێمان ) هەولێر، ٢٠٢٤/٤/٤.


**پێنجەم : سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**


1) محمد ڕزگار شەڕی ناوخۆی کوردستان: بەرواری ٢٠٢١/٥/١٣، ٢٣ : ٠٢، کۆدی بابەت ٥٣٠٥

( https://www.google.com/url?q=https://ckb.m.wikipedia.org/wiki)

2) عارف باومجانی: شەڕی ناوخۆ و زیانەکانی بۆ نەتەوەیەکی بندەست لە ٢٠٢٠ نوسراوە، ٢٠٢٠/٥/٦، لینکی بابەت( https://peshmergekan.com/?p=52913 ).